کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
4-2-2007 12:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ناڕازی هونەر مەندان بەردەوامە ... ڕاپۆرتی: ڕێژین ئیبراهیم



پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی2 شوباتی 2007 سەعات 11:00 لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی سازکرا،لە و کۆبوونوەیەدا بەبەشداری زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ناوچە جیاجیا کانی کوردستان، سەرەتای کۆبوونەکە بە ڕاپۆرتێکی دەربارەی چالاکیەکانی ئێستاو ڕابردووی هونەرمەندانی ناڕازی و دەستەی کاری هونەرمەندان ناڕازی، چۆن لەسەرەتاوە هەڵوێستیان وەرگرت،هەر پاش ئەوەی گروپی (50) کەسی لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی یەکەم کۆبوونەوەیان لە ڕۆژی دووشەممە لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەست تیایدا بڕیاری ئەوەیاندا کە بۆ ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی سی شەممە یاداشتێك بەرنە ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و بە ئەندامە دێرینەکانیان بڵێن ئێوە شەرعیەتتان نەماوە ماڵئاوای بکەن، لەو یاداشتەی کە هونەرمەندانی ناڕازی پێشکەشیان کرد بوو تیایدا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە پاش هەموو ئەو هەنگاوانەی لە چەندساڵی ڕابردوودا نراون بۆ هێنانە کایەیریفۆرم و گۆڕانکاری بنچینەی لەنێوان (یەکیتی هونەرمەندانی کوردستان و) و (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان)، بەڵام هەموو هەوڵەکان نائومێدی ئاکامی هەبووە.

لەپاش ئەوەی کە ئێوارەی 2006/9/26 هونەرمەندانی ناڕازی چوونە بەردەم ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بۆ پێشکەش کردنی یاداشتەکەو گفتوگۆ و دیالۆگی هونەریانە، بەڵام بەداخەوە یەکێتی هونەرمەندان دەرگای بەڕووی ئەو هونەرمەندانەدا دەخستوو لەهەمان کاتیشدا دەرگای گفتوگۆشی داخست، هونەرمەندانی ناڕازی لەبەیاننامەکەدا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە و تیایدا دەڵێن " ئێمە لەهەوڵەکانی ڕابردوودا ئێستاش شەری بەردەوام لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا لە پێناوی گۆڕاندابووە، ئەو گۆڕانانەش بریتی بوون لەوەی کە (لە ڕێکخراوێکی سستوە بۆ ڕێکخراوێکی کارا، لە گەندەڵیەوە بۆ سیستماتیزەکراو لە پاشکۆی حیزبەوە بۆ ڕێکخراوێکی ئازاد، لە ماڵی خێرو ێەدەقەوە بۆ ماڵێك هونەر هەناسەی تێدا بدات، لەماڵی جەهلەوە بۆ ماڵێك حورمەتی عەقڵی تیا بگیرێت، لەمۆڵگەی بێهەڵوێستەوە بۆ ماڵی شێلگیری و بەشداربوون لە بڕیاردانەی پەیوەست بەژیانی خەڵکەوە، لەماڵی گوێرایەڵی و فەرمانەوە بۆ هەواری دیالۆگ و کرانەوە،دوابەدوای پێشکەش کردنی ئە یاداشتە کەڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانیش بەیاداشتێك وەڵامی دانەوو لەسەرەتای یاداشتەکەدا داهاتووە دەڵێت" هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێ تۆمەت دەخنەن پاڵ ڕێکخراوەکەمانو بەماڵی جەهل ناوی دەبەن، ئەی بۆ ژمارەیەك لە ئیمزاکەرانییاداشت نامەکە تاکو دوێنی ئەندام بوون لەو ماڵە، هەروەها لەکۆتای یاداشتەکەشدا سەبارەت بەداواکاریەکانی هونەرمەندانی ناڕازی بەچەند خاڵێك وەڵامیان داونەتووە لەدوایشدا ئاماژە بەوەدەکەن کە هندێك تۆمەت کە دەچنە انەی تەشهیرەوە ئەو کاتە ڕێگەی یاسای دەگرینە بەر،لەپاش ئەوەشدا هونەرمەندانی ناڕازی ڕایانگەیاند کە بۆ ماوەی 48 کاتژمێردەمێننەوە لەبەردەم ڕێکخراوی یەکیتی هونەرمەندان تاکو وەڵامێکی تەواویان دەست دەکەوێت، ئەوەبوو لەدوایشدا مانگرتنیان شکانوو تا ئەم لەحزەیەش ناڕازی هوەرمەندان بەردەوامەو،هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە پەرلەمانی کوردستان دەرفەتێکی بۆ هونەرەمندانی ناڕازی درووست کردبو لە بێنە پەرلەمانو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە، دوابەدووای خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتەش مامۆستا نایر حەسەن کورتەیەکی دەربارەی کۆبوونەوەی دەستەی کاری لە پەرلەمانی کوردستان خستە ڕوو کە چۆنیەتی چوونە پەرلەمان، پاشان خوێندنەوەی ڕەش نوسی پلانی داهاتوی شەپۆلی هونەرمەندانی ناڕازی و گفتوگۆ لەسەر پلانەکە، دوابەدوای ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی دەستەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاری پێشوو و هەڵبژاردنی دەستەکە، وابریارە هەفتەی داهاتوو هەڵبژاردنی دەستەی کاری پێشو ئەنجام بدەن، شایەنی باسە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە ساڵی 1992 دا دامەزراوەو نزیکەی 2000 هەزار ئەندامی هەیەو لەکاتی شەری ناوخۆدا 94_98 دابەش بوون بۆ دوو رێکخراوی جیاجیا ئەویش (یەکێتی هونەرمەندان و) و (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان) لەم ماوەیەشدا بریارە یەکبگرنەوە هەردوو رێکخراوەکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.